www.kurdistannet.org
26-2-2007 20:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەروێشی عەشق ... بەهرەوەر مەرزانی

yahoo. com@s_Bahrawar



لە شەوانی بی تۆییما
کەسی نییە ئەلەم شارە
دڵی بەردی نەرم بێت و
گوی لە سکاڵاو هاوارو ناڵەم بگری،
منی تینوی ئاوو عەشقی خاك بم
جگە لە تۆ!! دەبی کی بی؟
غەم و ناسۆری غوربەتی و
ژانی ئەم کۆچە ناوەختەی من هەڵگری
من کە پیرم
رەنگم زەردەو خەزان گرتووی ئەم بەهارەم
چاوم کزەو سیاپۆشی
ژانی کۆچی ئەم ئەوینە بە ئازارەم
چوار سەدەیە
تەریقەتم لەشنەی با وەرگرتووەو
دەروێشی نێو تەکیەی میهری چاوانی تۆم،
چوار سەدەیە
حاڵم بۆ عەشقی گرتووەو
هەموو شەوی
لەگەڵ ئاوازو ترپەی دڵی دەفەکەم
دەست بە ناڵە ناڵ دەکەم و
وەکو چرای ژوورە چۆڵەکەم دەسوتێم.
وەلی ئەفسوس
تۆی شێخ لە ئاست من بی دەنگی و
گوی لەزیکری شێتانەی من راناگری،
زەمەنێکە
من موریدی بەندەری چاوەکانی تۆم
تۆش هەر رۆژەو خەمێکم پی لە کۆڵ ئەگری.
بەڵام ئازیز دڵنیابە
هەتا دوا هەناسەی رۆحم
تەریقەتی عەشقی پیرۆزت ناشکێنم
هەموو شەوی
بەرامبەر مینبەری چاوت رادەوستم و
وەعزی تەریقەتت دەخوێنم

هەولێر
1999/11/26

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.